# چالاکونانی مافی مرۆڤ بە پێویستی دەزانن ڕێز و شکۆی کچ زیاتر لەبەرچاو بگیرێت

**لە زۆربەی وڵاتانی دواکەوتوودا بە کوردستانیشەوە کەمتر بایەخ بە ڕێز و شکۆی کچ دراوە و هەر لە منداڵییەوە دەیان کۆسپ و تەگەرەی بۆ دروست دەکەن. بۆیە بە مەبەستی تیشك خستنەسەر کێشەکانی کچان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ نەهێشتنی بەربەستەکانی بەردەمیان و بۆ پراکتیزەکردنی مافەکانیان و دابینکردنی ژیانێکی باشتر و نەهێشتنی جیاکاری رەگەزی، لە ڕێککەوتی ٢٠١١/١٠/١٩ نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری ژمارە ٧٠/٦٦ بڕیاری دا ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی منداڵانی کچ لە جیهان بناسرێت، بۆ یەکەمجاریش نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠١٢/١٠/١١ یادی ڕۆژی جیهانی کچانی کردەوە، تەنانەت ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن بان کیمۆنی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کرا بە ساڵی کچان و لەلایەن کۆمەڵێ وڵات واژووی لەسەر کرا و پەسند کرا، گرنگترین هەوڵەکانیش بۆ برەودان بە خوێندنی کچان و وەبەرهێنان لە کچان و هاوکات ڕێگریکردن لە دیاردەی زوو بە شوودانی کچان بووە. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان دیدو بۆچوونی خۆیان دەخەنەڕوو.**

سەرەتا د. مەیادە محەمەد نەجاڕ سەرۆکی ڕێکخراوی ئاریانا، سەبارەت بە ڕێز و شکۆی کچان بە پێویستی دەزانێت باسی کاریگەرییەکانی قۆناغە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بکات و هەر لەو بابەیەوە دەڵێت: «کاتێك کە ئێمە چاوێك دەخشێنینەوە بە مێژووی ژیانی تاك و ئەو قۆناغە جیاوازانەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێدا تێپەڕیوە، دەبینین کاریگەرییەکانی ئەو قۆناغە جیاوازانە هەر لەدوای سەرهەڵدانی قۆناغی پیاوسالاری و کۆتاییهاتنی سیستەمی دایکسالاری، هەمیشە جیاکاری رەگەزی بەرامبەر بە ئافرەت پەیڕەو کراوە، لە کاتێکدا ژیانی مرۆڤایەتی خۆی لە بە یەکەوە ژیانی هەردوو رەگەزی نێر و مێ دەبینێتەوە، کە هەردووکیان تەواوکەری یەکترن، بەڵام پێگەی هەردووکیان لە ڕووی کاروبارەکانی ژیانی ڕۆژانە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دی دەگۆڕێت. واتا بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و جێبەجێکردنی کارەکانی کۆمەڵگە بە هەردوولا دەکریت، نەك بە یەك لا، بەڵام ئەم نەریتە پیاوسالارییەی کە ساڵانێکی دوور و درێژە باڵی بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا کێشاوە، وایکردووە کە جیاکاری رەگەزی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بەڕێکردنی



کارەکانی ژیانی تاك هەبێت، لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی نەریتی پیاوسالاری کاریگەریی ڕاسەوخۆی لەسەر ئافرەت و مافەکانی هەبووە، بەهۆی ئەمەشەوە ئافرەت لە زۆرێك لە مافەکانی خۆی بێبەش بووە.»

سەرۆکی ڕێکخراوی ئاریانا ڕایوایە: «پێگەی بەشداری ئافرەت لە کۆمەڵگەدا پەیوەستە بە بەشداری ئافرەت لە پرسە جیاوازەکانی وەك بواری سیاسی و خوێندن و ڕاپەڕاندنی کاروباری بزنس و بوارە هەستیارەکانی دیکە، بەڵام کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی هەوڵی داوە ئافرەت لە ڕۆڵ بینینی لە بوارە گرنگەکانی سیاسی و ئابووری پەراوێز بخات و زیاتر ئەرکی ئافرەتی لە چوارچێوەی بەڕێوەبردنی خێزان لە کۆمەڵگەدا قەتیس کردووە.» گوتیشی: «لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا ئافرەت ئەرکی زۆرە، بەڵام تەنیا چەند ئەرکێکی سانای لە مەیدانی کارکردنیدا بۆ دەستنیشان کراوە. هەروەها دەبێت ئەوە بزانین کە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی هەمیشە ئافرەت چەندە توانای هەبێت، بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت و هەمیشە لەکاتی کار و پیشەکەیدا فەرامۆش کراوە، بەهۆی ئەو نەریتانەی کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی پێدەناسرێتەوە. بۆیە پێویستە کێشەی ژنان و بێبەش بوونیان لە ماف و ئازادییە سرووشتییەکان دیراسە بکرێت و ئەرکی ڕێکخراوە حکوومی و ناحکوومییەکانە بزانن بنەمای کێشەکانی ئافرەت چییە و ڕێگەی چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.» د. مەیادە هێما بۆ ئەوەش دەکات کە «سەرجەم شارستانیەتە دێرینەکان و زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهانی مۆدێرن مافی ئافرەتیان داوە، بەڵام ئەوەی کە ڕێگە لە مافەکانی ئافرەت دەگرێت و ناهێڵێت پێگەی لە کایە هەستیارەکانی ژیاندا هەبێت، ئەو نەریتەیە کە لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەمیشە وایکردووە ئافرەت پەراوێز بخرێت.» گوتیشی: «بە بڕوای من دەبێت ڕێکخراوەکان لەم قۆناغەدا هەموویان کار لەسەر بەهێزکردن و گرنگیدان بە تواناکانی ئافرەتان بکەن و هەوڵ بدەن هەموو توانایەکیان بخەنەگەڕ بۆ پێشخستنی تواناکانی ئافرەتان، چونکە لەم قۆناغەدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردە نادروستەکان پێویستمان بە هێزێکی ڕووبەڕووبوونەوەیە کە لەسەر ئیرادەی هەست بەخۆ کردن متمانە بەخۆبوون بنیاد نرابێت و بۆ ئەوەی بتوانین پرۆگرامیکی وەها بنیاد بنیین کە ئافرەت لە بەڕێوەبردنی ڕەوتی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکات. لە کۆتاییدا دەبێت کار لەسەر ئەوە بکەین کە هزری پیاوسالاری پاشەکشە بکات و ڕۆح و هزری مرۆڤسالاری جێگەی بگرێتەوە، بە بنیادنانی سیستەمی مرۆڤسالاری و دروستکردنی ئەو ڕۆحە لەناو ناخی مرۆڤەکاندا ئەو کات دەتوانین کۆتایی بە بێبەشکردنی ئافرەت لە مافەکانی بهێنین.»

تەرزە محەمەد کارگێڕی لیژنەی ناوچەی ناوەندە ئەکادیمییەکان - ناوچەی زانکۆیە و سەبارەت بە هەمان پرس ڕایوایە: «لە کۆمەڵگە نەریتییەکان ئەوەندە دەرفەت بە ڕەگەزی مێ نەدراوە، تاکو بتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت، بۆیە نەبۆتە بوونەوەرێکی خاوەن تیۆر و زانست لەسەر دۆخی خۆی و ئەو کۆمەڵگە و جیهانەی تێیدا دەژی.» گوتیشی: «خێزانەکان سەرچاوەی پەروەردەکردنی کچن بە باشی، دواتر قوتابخانە و کۆمەڵگە، بەداخەوە لە کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر کەم بایەخ بە کچ دەدەن لە ڕووی ئەرک و مافەوە، چەندین هۆکاریش هەیە، بۆ پێشنەکەوتنی ئافرەتان، لەوانە: دەسەڵات پەرستی، قورخکردنی دەسەڵاتی سیاسی و سەپاندنی عەقڵییەتی پیاوسالاری و پاشکۆبوونی هزریی ئافرەتان بە فیکری پیاوانەوە لە ڕووی بیرکردنەوەو تێڕوانین بۆ کێشەی ژنان، هەروەها ترسان لە کارکردن و کردنەوەی سەندیکای بازرگانی بۆ ژنان و نیازی گیرفانی ژن بە گیرفانی پیاو و نەبوونی پرۆژەی بەرهەمهێنەر و



**لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم تا ئەمڕۆ کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گرینگ بە سەر چالاکی و بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئافرەتان لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستاندا هاتووە، بەڵام هێشتا ناتوانین باس لە بوونی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی ئافرەتان لە کوردستاندا بکەین**

**لە کۆمەڵگە نەریتییەکان ئەوەندە دەرفەت بە ڕەگەزی مێ نەدراوە، تاکو بتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت، بۆیە نەبۆتە بوونەوەرێکی خاوەن تیۆر و زانست لە سەر دۆخی خۆی و ئەو کۆمەڵگم و جیهانەی تێیدا دەژی**

**دەبێت ڕێکخراوەکان لەم قۆناغەدا هەموویان کار لەسەر بەهێزکردن و گرنگیدان بە تواناکانی ئافرەتان بکەن و هەوڵ بدەن هەموو توانایەکیان بخەنەگەڕ بۆ پێشخستنی تواناکانی ئافرەتان**

زیاتر خۆخەریکردن بە پرۆژەی ئیستهلاکییەوە، نەبوونی سیستەمێکی پێشکەوتووخوازانەی گونجاو لەگەڵ پرسیارەکانی ئەم سەردەمەدا کە یەک بگرێتەوە لە پرۆگرام و کارکردنیاندا، زاڵبوونی ڕۆحی حزبی بە سەر ڕێکخراوەکاندا، نەبوونی متمانە و قبووڵنەکردنی بەرامبەر و ...هتد، واتە خەونی باڵابوون لە وڵاتێکی بستەباڵادا ئەستەمە، ئەمانە وای لێکردوون ئافرەتان بە شێوەیەک مامەڵە بکەن و بچنە ژێر ڕکێفی پیاوانی دەسەڵاتەوە کە دڵیان گەرد نەگرێت.»

ئەو خانمە وەک چالاکێکی سیاسی هێمای بۆ ئەوەش کرد کە «لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم تا ئەمڕۆ کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گرینگ بە سەر چالاکی و بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئافرەتان لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستاندا هاتووە، بەڵام هێشتا ناتوانین باس لە بوونی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی ئافرەتان لە کوردستاندا بکەین.» گوتیشی: تەواوی ئەم ژیانە یەک گەشتەو ماناکەی پەیامێکە و هەر یەکەمان بە جۆرێک دەیگەیەنین. لە ڕاستیدا هەریەکەمان لەسەر ئەم زەوییە پەیامبەرێکین و پەیامێکمان هەڵگرتووە و هەریەکەشمان بە جۆرێک پەیامەکەمان دەگەیەنین.»

خوناو عوسمان ئەندامی سکرتاریەتی یەکیتی ژنانی کوردستان و سەرپەرشتیاری لقی هەولێر و دهۆکە و سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «هەردوو چەمکی مرۆڤایەتی و یەکسانی، بەندە بە ڕادەی وشیاریی تاك، جا ئەو تاکە پیاو بێت، یان ژن، گرنگ ئەوەیە چۆن ئەو مانایە بە ڕەوا دەبینن. بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمە ئەو چەمکە زۆر بەرتەسکە بۆ ژن. چونکە ژن پلە دووە لە مرۆڤبوون، ئەرکی دەوڵەتە وشیاری ئەو چەمکانە بڵاوبکاتەوە لە ڕێگەی پرۆسەی خوێندن و فێرکردن و لەدواییشدا لەهەموو دامودەزگاکانی کارکردن ئەو تێڕوانینە ڕاست بکرێتەوە، پێچەوانەکەشی توندوتیژی لاسەنگ بەرهەم دەهێنێت.» هاوکات دەڵێت: «هەتا سەردەستەیی و ژێردەستەیی بەردەوام دەبێت، چەمکەکانی مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە شکۆی ژنان وەك دروشم دەمێننەوە، هۆکاری دواکەوتن و پووکانەوەی هێز و هزری نیوەی کۆمەڵیش ئەو باجە قورسەیە کە بەهۆی دواکەوتنی عەقڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەسەر ژندا دەسەپێندرێت، چونکە ڕێژەیەکی زۆری ژنان لە دامودەزگاکان کاردەکەن و لە پشت هەمان ئەو مێز و کورسییانەن کە پیاوان لە پشتیەوە ئامر و ناهین، کەچی ژن وەك کرێکارێکی چەوساوەیە.»

خوناو عوسمان لە درێژەی ڕادەربڕینەکەدا ئاماژە بە وشیاری ژن و هەستکردن بە نابەرابەرییەکان دەکات و دەڵێت: «بۆ هێنانە کایەی مرۆڤایەتی و یەکسانی دەبێت وشیاریی تاکی کۆمەڵگە هاندەر و دروستکاری فشار بێت، هاوکات دەڵێت: «وشیاری ژن و ڕێکخستنی وڵات لە ڕووی یاسای بەرجەستەبوونی مافی تاك و هاووڵاتی بوونی تەواوە کە ڕەنگی دابێتەوە لە یاسا و ڕێسای بەڕێوەبردن و بەوەش هەمووان لە سایەیدا یەکسان دەبین.»

بەپێی دوایین ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژانە ٤٧ هەزار و ٧٠٠ کچ لە جیهاندا دنیای پڕ لە بەرائەتی خۆیان جێدەهێڵن و واقعێکی سەپێندراو لە کچۆڵەییەکەوە دەیکات بە هاوسەر و دواتر دایك، ٧٠٠ ملیۆن ئافرەت لە جیهاندا پێش تەمەنی ١٨ساڵی هاوسەرگیرییان کردووە، هاوسەرگیری پێشوەخت لە خێزانە هەژارەکان دوو ئەوەندە و نیوی خێزانە دەوڵەمەندەکانە، لە وڵاتانی نامی ڕۆژانە ٢٠ هەزار حاڵەتی لە دایکبوونی دایکانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵی تۆمار دەکرێت کە ساڵانە دەگاتە ٧ ملیۆن حاڵەت.

یەکێك لە ئامانجەکانی بەیاننامەی هەزارەی نەتەوە یەکگرتووەکان، واتە خیتابی نەتەوە یەکگرتووەکان دوای کۆتاییهاتنی ساڵی ٢٠٠٠ و دەستپێکی سەدەی بیست و یەکەم ئەوە بووە، کە تا ساڵی ٢٠١٥ هەوڵبدرێت، لە هیچ وڵاتێکی دنیادا ئەو دیاردەیە نەمێنێت کە کچان و کوڕان قۆناخی خوێندنی سەرەتاییان تەواو نەکردبێت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە یەکسانی ڕەگەزی کە بەردی بناخەی پەرەپێدانە لە خوێندنی کچانەوە دەستپێدەکات، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوەیە کە پێویستە کچان و کوڕ ان پێکەوە قۆناخی سەرەتایی تەواو بکەن.

دوای تیپەڕبوونی ساڵانێك بەسەر بەیاننامەی هەزارە، توانراوە ڕۆژێك بۆ کچان دەستنیشان بکرێت، بەڵام وەك خاتوو ئایزۆبل کۆلی مان دەڵێت: هەتا ئێستاش لە جیهاندا ڕۆژانە ٢٥٠ هەزار کچ لەخوار تەمەنی ١٨ ساڵییەوە بەشوو دەدرێن.

لەلایەکی دیکەوە ڕێکخراوی یۆنسێفی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەیاننامەیەکدا لەبارەی بەشوودانی کچانی ژێر ١٥ ساڵ هۆشداری داوەتەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و داوای کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە دەکات. هاوکات ئاشکرای دەکات کە ساڵانە لە جیهاندا ٢٣ ملیۆن کچی ژێر ١٥ ساڵ بە مێرد دەدرێن. لە بەیاننامەکەی یونسێف (سندووقی منداڵانی نەتەوەیەکگرتووەکان)دا هاتووە: کە لە ئاستی جیهاندا یەك لەسەر سێی ژنانی تەمەن ٢٠ تاکو ٢٤ ساڵانی ئێستا کە دەکاتە ٧٠ ملیۆن کچ، لە تەمەنی ژێر ١٥ ساڵییەوە ناچارکراون هاوسەرگیری بکەن. سەرەڕای پێشنیازی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ وڵاتان لەساڵی ١٩٩٤ بۆ سەرخستنی تەمەنی هاوسەرگیری بۆ ١٨ ساڵ، هێشتا زیاتر لە ٥٠ وڵاتدا هاوسەرگیری منداڵانی ژێر ١٨ ساڵ یاساییە، کەچی بەهۆی ئەو دیارەدەیە، ساڵانە نزیکەی ٥٠ هەزار ژنی دووگیان لە تەمەنی ١٥ تا ١٩ ساڵی لەئاستی جیهاندا گیانیان لەدەست دەدەن.

# چۆن دەتوانین بەهاکانی مرۆڤایەتی و یەکسانی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەی خۆماندا بچەسپێنین؟

ئافرەت هەموو ئەرکێکی گشتی و تایبەت، کار، بەڕێوەبردن، پەروەردەو تەنانەت پاراستنی خاک جێبەجێ دەکات، ئافرەت مرۆڤە، پلە یەکە، یەکسانە، هەر کردەیەکی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت پێشێلکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و بەها مۆراڵییەکانە، هیچ پاساوێک رەوایەتی بە پیاو نادات توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت بنوێنێت، دەبێت پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاو پەیوەندیەکی هاوبەش و تەواوکاری بێ و پێکەوە بڕیارە هاوبەشەکان سەبارەت بە ژیانی خۆیان بدەن. ئافرەت و پیاو هەر کامیان دەبێت بە هزر و دونیابینی و ئەدای خۆیانەوە لە بنیادنان و گەشەپێدانی پایەکانی کۆمەڵگەدا بەشدار بن. بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانین بەهاکانی مرۆڤایەتی و یەکسانیی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەی خۆماندا بچەسپێنین؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.



**کۆمەڵگەی خۆمان بە پێچەوانەی مێژووی کۆنی پڕ بووە لە ناعەدالەتی و نایەکسانی و پەراویزخستنی تێکڕای بەها گرنگەکانی مرۆڤایەتی، بۆیە رۆژانە قوربانییانی توندوتیژی دەبینین**

**حکومەت و میدیا و رێکخراوەکانیش بێ بەرنامەن و تەنیا لە سەر حیسابی قوربانییان قسەی گەورەو دروشمی بریقەداریان هەبووە**

**لە کۆمەڵگەی کوردیدا ژن پێگەیەکی سەلارانەی هەبووە، ئەوەی وایکردووە بندەست بێ، عەقڵی کۆیلەی پیاوە کە بە خراپی مامەڵەی لەگەڵ کردووە**

سەرەتا تانیا جەمال، سەرۆکی پەیمانگای ناوین بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و چالاکی مافی مرۆڤ، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «چەسپاندنی بەهاکانی مرۆڤایەتی و یەکسانی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پێویستی بە پرۆسەیەکی دوور و درێژ هەیە، نموونەش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا زۆرە کە وڵاتە پێشکەوتووەکان پێیدا تێپەڕیون و هەرگیز بە شەو و رۆژێك بەو شارستانیەتە نەگەیشتوون، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە حکومەت و میدیاکان بەرنامەو پلانی تۆکمەو ستراتیژیان هەبێت، بۆ دەستەبەرکردنی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو کە تاکەکانی رێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرن و یەکسانی و دادپەروەری تێدا بەدی بێت. بەڵام بەدیهێنان و چەسپاندنی ئەو چەمکانە لە کۆمەڵگەی خۆماندا زۆر زەحمەتە، چونکە لە بنەڕەتدا کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی تەندروست نییە، حکومەتیش بەرنامەو کاری جددی و زۆر بەرچاوی بۆ ئەم مەبەستە نەبووە.» هاوکات دەڵێت: «کۆمەڵگەی خۆمان بە پێچەوانەی مێژووی کۆنی پڕ بووە لە ناعەدالەتی و نایەکسانی و پەراویزخستنی تێکڕای بەها گرنگەکانی مرۆڤایەتی، بۆیە رۆژانە قوربانییانی توندوتیژی دەبینین. ئەو هەموو توندوتیژییە نیشانەی ئەوەن کە کۆمەڵگەیەکی تەندروستمان نییە، نیشانەی ئەوەیە کە بێ بەرنامەین و تەنیا لە سەر حیسابی قوربانییان قسەی گەورەو دروشمی بریقەدارمان هەبووە. خاڵی دەستپێکردن بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی و چەسپاندنی یەکسانی، گۆڕینی رەوشەکەیە و ئەرکی جددییش دەکەوێتە سەرشانی وەزارەتی پەروەردە کە گرنگیی تەواو بە کارامەییەکانی ژیان بدات، واتە وەزارەتی پەروەردە پێویستە لە بنەما و سەرەتای پرۆسەی فێرکاری لە باخچەی ساوایانەوە تا کۆتا قۆناخی زانکۆ بەرنامەی هەبێت بۆ ئەوەی تاك فێر بکرێت رێز لە ژیانی خۆی و خەڵکیش بگرێت، فێر بکرێن کە هێز لە رێزگرتندایە، نەك کوشتن و تۆقاندن بەکارهێنانی توندوتیژی.»

ماجد خەلیل مامۆستای زانکۆ و سەرۆکی بەشی مێژوو لە کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، رایوایە «بەهای مرۆڤایەتی لە کۆمەڵی کوردەواریدا دارای ریشەیەکی رەونەقدارو لەمێژینەیە، کەلتووری ئایینە دێرینەکانی کورد و ئایینی ئیسلام نەریتێکیان هێناوەتە بەرهەم کە کۆمەڵ هەمیشە رایەڵەیەکی پتەو پێکەوەی بەستووەو مرۆڤبوون تێیدا رەچاو کراوە، ئەوە سیاسەت و بندەستیی نەتەوەی کوردە کە ئەم بەها مرۆڤانەیەی کوشتووە. ئەوان بە فەرهەنگی نامۆ، بە دروستکردنی ناکۆکی، بە زیندوو راگرتنی رایەڵەی پیاوسالاری و دەرەبەگایەتی، بە بووژانەوەی دەماری خێڵ و ناوچەگەریەتی مرۆڤێکی توندوتیژو بێ هەستیان لەبەرامبەر سروشتی رەسەنی کورد هێناوەتە بەرهەم.» هاوکات جەخت لەوە دەکاتەوە کە «لە کۆمەڵگەی کوردیدا ژن پێگەیەکی سەلارانەی هەبووە، ئەوەی وایکردووە بندەست بێ، عەقڵی کۆیلەی پیاوە کە بە خراپی مامەڵەی لەگەڵ کردووە، ئەگینا ژن دارایی ئابووری و بڕیارو جوانی و جەوامێری خۆی بووە.» لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە چۆن دەتوانین بەهاکانی مرۆڤایەتی و یەکسانیی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەی خۆماندا بچەسپێنین؟ دەڵێت: «لە ئێستادا چەسپاندنی ئەم یەکسانییەو ئەم بەها مرۆڤانەیە پێویستی بە هێنانەوەی کەلتووری رەسەن و فەرهەنگی خاوێنی کوردیە، پێویستە بیری بناژۆیی و خەونی خێڵەکی و دنیای داشۆراو لە بەهای خۆرئاوا لەسەر لابەین، ئەویش بە مراندنی میدیای نامۆ و هەژموونی سەلەفییەت و هێزی مۆدێرنەی رۆحکوژی خۆرئاوا دەبێ. ژن و پیاو دەبێ وەک یەک بن لە مرۆڤبووندا، ئەمە بە پەروەردە دەکرێ، پەروەردەیەک سەرچاوەکەی داماڵدرابێ لە پەروەردەی ئەوان و دەبێ پەروەردەی خۆمانە بێ.»



سۆزان عارف، سەرۆکی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتانە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کاتێك ئێمە کار لەسەر یەکسانکردنی بەهاکانی مرۆڤایەتی لەناو کۆمەڵگەدا دەکەین، هەروەها بۆ ئەوەی یەکسانیی ژن و پیاو بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی خۆماندا بچەسپێنین، پێویستە هەنگاوەکانمان بە ئاراستەی بونیادنانی مرۆڤسالاری بێت، هەتا بتوانین کۆمەڵگەیەکی یەکسان و پڕ لە دادپەروەری دروست بکەین و مانای ئەو کۆمەڵگەیە لە مرۆڤسالاریدا کورت بکەینەوە، چونکە گرنگە لە کۆمەڵگەدا هەموو تاکەکان وەك یەك و وەک مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەن و چیتر چەمکی باوکسالاری نەبێتە هۆیەك بۆ پەراوێزخستنی ڕەگەزی ئافرەت.» هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە «ئەوەی دەکرێت وەك گشت تاکەکان کاری لەسەر بکەین بۆ پێشخستنی هزری یەکسانیخوازی لەکۆمەڵگەدا، هەوڵدانە بۆ زیادکردن و پێشخستنی هۆشیاریی تاك لە کۆمەڵگە، ئەوەش وابەستەیە بە فەلسەفەی داڕشتنی مرۆڤسالاری.» گوتیشی: «دەبێت ئێمە کار لەسەر رزگارکردنی ئافرەتە لە کۆت و بەندە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان بکەین، چونکە ئافرەتان گیرۆدەی سیستەمێکی کەلتووری کۆمەڵایەتین کە کۆت و بەندی زۆری بۆ دروست کردوون، واتا دەبێت کار لەسەر گۆڕینی هزری ڕەگەزسالاری و پیاوسالاری بکەین، هەتا کۆمەڵگەیەکی مرۆڤسالار و یەکسانمان هەبێت. چونکە هەتا گۆڕانکاری لە هزری کۆمەڵایەتیدا نەکەین، ئەستەمە بتوانین کاری گرنگ بکەین و بەهاکانی مرۆڤایەتی و یەکسانیی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەی خۆماندا بچەسپێنین.»

سەرۆکی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتان ڕایوایە «دەبێت پێش هەموو شتێك کار لەسەر گۆڕینی دید و بیرکردنەوەی تاك بکەین و بە یەکسانیی ژن و پیاو پابەندی بکەین، بەوەش گۆڕانکاری گەورە و ئەرێنی لە کۆمەڵگە و خێزاندا دروست دەبێت و لە هەموو توندوتیژییەک دوور دەکەوینەوە. هەروەها دەبێت هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە لەگشت شوێنێک (بە شار و گوندەکانەوە) هەمیشەیی و بەردەوام بێت، لە ڕابردووشدا هەڵمەتەکانی هۆشیاری کاریگەری باشیان لەسەر گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی هەبووە، دەبێت ئەوە بۆ گشت تاکەکانی کۆمەڵگەی خۆمان بسەلمێنین کە لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا ئافرەتان پێشەنگی بزووتنەوەی گۆڕانکاری و نوێبوونەوە بوون، ئافرەتانی کوردستانیش پێویستە لەو بوارەدا ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت، بەتایبەتی کە بەشێکی گەورەی ئەرکی پەروەردە لە ئەستۆی دایکانە، پەروەردەش پرۆسەیەکی گشتگیرە و دەبێت ڕێکخراوە حکوومی و ناحکوومییەکان و میدیاکان پرۆگرامی تۆکمەیان هەبێت بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و گەیاندنی پرسی ئافرەتان و شیکردنەوەی یاساکانی تایبەت بە مافی ئافرەتان، ئەمانە هەمووی پێکەوە کاریگەری زۆر باشیان لەسەر ژیان و هزری کۆمەڵگە دەبێت.»

**پێویستە کار لەسەر رزگارکردنی ئافرەتە لە کۆت و بەندە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان بکەین، چونکە ئافرەتان گیرۆدەی سیستەمێکی کەلتووری کۆمەڵایەتین کە کۆت و بەندی زۆری بۆ دروست کردوون**

**دەبێت کار لەسەر گۆڕینی هزری ڕەگەزسالاری و پیاوسالاری بکەین، هەتا کۆمەڵگەیەکی مرۆڤسالار و یەکسانمان هەبێت**

**هەتا گۆڕانکاری لە هزری کۆمەڵایەتیدا نەکەین، ئەستەمە بتوانین کاری گرنگ بکەین و بەهاکانی مرۆڤایەتی و یەکسانیی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەی خۆماندا بچەسپێنین**

